### ئەو هاووڵاتییانەی بەهۆی داعشەوە ئاوارەبوون، جارێکی دیکە بەهۆی پەکەکە ئاوارەبوونەوە

# مەحما خەلیل: کوردی ئێزدی لەوە تێگەیشتوون کە بوونی پەکەکە لە شنگال پیلانێکی فیتنەگێڕیی سیاسییە

## لە چەند مانگی داهاتوودا کارەبای شنگال لە زۆرینەی شارەکانی عێراق باشتر دەبێت



قایمقامی شنگال، مەحما خەلیل ڕایگەیاند "پەکەکە بە هەموو توانای خۆی نەیتوانی خەڵکی شنگال و کوردی ئێزدی پەلکێشی خۆپێشاندانی دژبە پێشمەرگە بکات، بۆیە هەڵستا بە گواستنەوەی هاووڵاتییە عەرەبەکانی سووریا و خۆپێشاندانیان دژی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان کرد". مەحما خەلیل لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو باسی لە دوایین پێشهاتەکانی شارۆچکەی شنگال کرد و گوتی: بە داخەوە گرووپە نادەستوورییەکانی وەک پەکەکە و لقەکانی لە شنگال خەڵکانێکی بیانیان دژی ئامانجە نەتەوەییەکانی ئێمە بەکارهێنا، بە ئامانجی سیاسی وڵاتان و پێشێلی سنوور و سەروەری خاکی عێراقیان کرد و سەدان کەسیان لە سووریاوە گواستەوە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە کە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عێراق دواتر هەڵستان بە سازدانی خۆپێشاندان بە ناوی کوردی ئێزدی لە دژی پێشمەرگە کە هەموو خۆپێشاندەران لەژێر چاودێری پەکەکە لە سووریاوە هێنرابوونە خانەسۆر.

### خەڵک ڕیزی چەکدارانی پەکەکە جێدەهێڵن

مەحما خەلیل ئاشکرای دەکات کە هیواش هیواش خەڵک ڕیزی چەکدارانی پەکەکە جێدەهێڵن، چونکە لە پلان و ئامانجەکانی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال تێگەیشتن، ئێستا کوردی ئێزدی لەوە تێگەیشتوون کە بوونی پەکەکە لە شنگال پیلانێکی فیتنەگێڕیی سیاسییە لە چوارچێوەی دەستوەردانی نێودەوڵەتییەوە بەڕێوە دەچێت. هەر بۆیە پەکەکە سەرکەوتوو نەبوو لەوەی خەڵکی شنگال دژی پێشمەرگە ڕاپەڕێنێت، لە کاتێکدا هەموو توانای خۆی بەکارهێنا بۆ ئەو مەبەستە.

### دووبارە ئاوارە بوونی خەڵکی سنووری شنگال

قایمقامی شنگال باس لە دووبارە ئاوارە بوونی خەڵکی سنووری شنگال، سنونێ و خانەسۆر دەکات و دەڵێت: بە داخەوە دوای ئەوەی شەڕوپێکدادان لەنێوان چەکدارانی پەکەکە و هێزەکانی پێشمەرگە دروست بوو، ئەو هاووڵاتییانەی لەکاتی هێرشی داعش ئاوارە ببوون و گەڕابوونەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و زێدی خۆیان جێهێشت. دەشڵێت: خەڵکی شنگال مافی خۆیەتی ئاوارە ببێتەوە، چونکە بینی لە 3ی ئاب ساڵی 2014چۆن بە دەستی داعش کۆمەڵکوژ کران و جینۆساید ببێتەوە، خەڵکی شنگال دژی شەڕو پێکدادان. ڕاستی پێش ئەوەی پەکەکە شەڕ هەڵبگیرسێنێ دژی پێشمەرگە خەڵکێکی زۆر دەگەڕانەوە سنونێ، بەڵام هەر لە دوای دروستبوونی شەڕ تا ئێستا لە کۆمەڵگەی خانەسۆر 850خێزان و لە شارەدێی سنونێ 500 خێزان بە هۆی پەکەکەوە جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە. هەروەها گوتی: دوای ئەو شەڕەی پەکەکە لە خانەسۆر هەڵگیرساند دژ بە پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان، بە هیچ شێوەیەک کەمترین جووڵەی سەرپێچیکردن لە چەکدارانی پەکەکە دژ بە پێشمەرگە و هاووڵاتییانی ناوچەکە قبووڵ ناکرێن.

### دواکەوتنی ئاوەدانکردنەوەی شنگال

مەحما خەلیل دێتە سەر باسی ئاوەدانکردنەوەی شنگال و دەڵێت: یەکێک لە بەربەستە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم ئاوەدانکردنەوەی شنگال بوونی چەکدارانی پەکەکەیە لە شارۆچکەکە، زیاتر لە 20 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئامادەییان دەربڕیوە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگالی وێرانبوو بکەن، بەڵام بەهۆی هەڕەشەی پەکەکە ناتوانن دەست بە کارەکانیان بکەن و لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانیان لە عێراق ئێمەیان ئاگادار کردووەتەوە تا ئەو گرووپە نادەستوورییانەی وەک پەکەکە و لقەکانی لە شنگال هەبێت دەست بە کاری ئاوەدانکردنەوە ناکەین. دەشڵێت: پێویستە حکوومەتی عێراق ڕۆڵی خۆی ببینێت لە دەرکردنی پەکەکە لە شنگال و دەبێت کاربکات بۆ وەدەرنانی گرووپە نادەستوورییەکان و ڕێگەش نەدات چیدیکە دەست لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستان وەربدەن، بۆ ئەوەی شارەکە ئاوەدان بکرێتەوە، لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان لەسەر هێڵن بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و ماستەرپلانیشمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال داناوە. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە خەڵک دژی مانەوەی پەکەکەیە لە شنگال و دەورووبەری، هاووڵاتییانی کوردی ئێزدی کە ئێستا زۆرینەیان ئاوارەی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانن دەخوازن پەکەکە دەربچێت لە شنگال تاوەکو شارەکەیان ئاوەدان بکرێتەوە و بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

### زیاتر لە 200 کچی ئێزیدی لەلایەن پەکەکە ڕفێنراون

قایمقامی شنگال، مەحما خەلیل دەڵێت "دیاردەی ڕفاندنی کچی تەمەن خوار 18ساڵ لەلایەن پەکەکە بەردەوامە، تا ئێستا زیاتر لە 200کچی کوردی ئێزدی لەلایەن چەکدارانی پەکەکە ڕفێنراون و بەهەڵە پەروەردە دەکرێن لەبری هەموو شتێک فێری چەک و تەقەمەنی دەکرین. بە وردی نازانین کە چەند کچ لەژێر زوڵمی پەکەکەدایە، چونکە هیچ کەناڵێکی پەیوەندیکردنمان لەگەڵ پەکەکە نییە، بۆیە لەوانەیە ژمارەیان زیاتریش بیت. گوتیشی: لە سەرەتای ڕزگارکردنی شنگال لە چنگ تیرۆریستانی داعش لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە، تا ئێستا 12حاڵەتی کوشتن هەبووە لەلایەن چەکدارانی پەکەکە. لە کۆتاییدا قایمقامی شنگال گوتی: پڕۆژەی کارەبای شنگالمان تەواو کردووە لە ئێستادا لە قۆناغی سەرەتاییە و کارەبا بەسەر ماڵاندا دابەش کراوە و لە چەند مانگی داهاتوو کارەبای شنگال لە زۆرینەی شارەکانی عێراق باشتر دەبێت.



### پەیامی سەرەخۆشیی

فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی نەوشیروان مستەفا کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو شوعلە عەلی، ئەمەش دەقەکەیەتی:

**برای بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (خاتوو شوعلە عەلی) هاوسەری بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و ئەندامانی خانەوادە و خزم و کەسوکارتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و جێگای بەهەشت بێت، و سەبر و ئارامی بداتە بەڕێزتان و دوایین ناخۆشی خانەوادەکەتان بێت.

هیوای سەلامەتی و تەمەن درێژیتان بۆ دەخوازین.

**براتان**
**فوئاد حسین**
18/03/2017

## بەشارەتی: ئەوانی لە پشت هەڵمەتی دروستکردنی بەرگێکی نوێی جاشایەتییەوەن، دژ بە سەربەخۆیین

بەرپرسی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە گوتی، ناونووسکردن بۆ ڕیزەکانی حەشدی شەعبی سنووری هەڵەبجەشی گرتووەتەوە و گوتی، «هەڵبەت ئەمە جاشایەتییە بە ڕەنگێکی دیکە». وەک فازڵ بەشارەتی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، لە چەندین ناوچە، هەڵەبجەی شەهید و زەڕایەن و هەڵەبجەی تازە و تادەگاتە کەلار، بگرە لە هەموو ناوچەیەک، هەڵمەتی ناونووسکردن بۆ دروستکردنی هێزگەلی حەشدی شەعبی بەرپا کراوە. بەشارەتی گوتیشی: ئەو هەوڵە، هەمان ئەو هەوڵانەیە کە پیلان دژی هەرێمی کوردستان دەگێڕدرێت، ئەمە خاڵێکە لەو پیلانانە، بە بڕوای من وایە کە خەڵکێک لە برسان دەچێت ئەو کارە دەکات و بەشێکیش بۆ جاشایەتییە، بەڵام بە ڕەنگێکی دیکە، هەڵبەت دەبێ بزانین کە حەشدی شەعبی بۆ دژایەتیی هەرێم دروست کراوە. بێ ئەوەی ناوی هیچ کەس و لایەنێک بیات.

فازڵ بەشارەتی جەخت دەکاتەوە لەوەی کە، ئەوانەی بەو کارە هەڵساون، هەمان ئەو کەسانەن کە باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن و، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بە موزایەدە وەسف دەکەن. گوتیشی: ناتوانین ئەو کەسانەی لە پشت ئەو کارانەوە دیاری دیاری بکەین، بەڵام ڕوونە کە ئەگەر هاندان نەبێت، کەس ڕێ بە خۆی نادات لە ناو هەڵەبجە خۆی بۆ حەشدی شەعبی ناونووس بکات.. ئەگەرنا هیچ کوردێک ئامادە نییە ناوی خۆی لەناو هێزێکدا بنووسێت بەرنامەی بۆ جینۆسایدێکی دیکە داڕشتبێ.

### ئێزدییەکان دەیانەوێت لە بەغدا دووربکەونەوە و باوەش بە هەرێمی کوردستاندا بکەن

# چاودێرێکی ئێزدییان بۆ پەکەکە: ئەگەر خۆتان نەڕۆن ئێمەی ئێزدی وەدەرتان دەنێین

چاودێرێکی سیاسیی ئێزدییان دەڵێ، ئەگەر هێزی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێم، پەکەکە لە شنگال دەرنەکەن و پەکەکە خۆیشی ناوچەکە چۆڵ نەکات، ئێزدییان وەدەریان دەنێین و ئەمە دواچارەیە، چونکە ئێزدییەکان زۆر دڵگرانن بەو ڕەفتارانەی پەکەکە هەیەتی و دەزانن کە دژی ئەوانن.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن، پەکەکە لەگەڵ ئەوەی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانی بەنیشان گرتووە و دەیەوێت بۆ زیانگەیاندن بە خەڵکی کوردستان بشێوی لە شنگال بنێتەوە، ئێزدییەکانیشی کردووەتە بیانوو؛ بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی 2000ەوە چاوی بڕیوەتە شنگال، بۆ ئەوەی لەو خاڵەوە بتوانێت زیان بە ئێزدییەکان و هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، بەڵام کوردانی ئێزدی لە مەبەستی پەکەکە گەیشتوون و دەڵێن، ئەگەر پەکەکە بەخۆشی نەڕوات، بە دەستی خۆیان وەدەریان دەنێن. حەسەن قەوال ڕەشید، کەسایەتیی دیاری ئێزدییان و چاودێری سیاسی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: مانەوەی پەکەکە لە شنگال زۆر کاریگەریی نەرێنیی بۆ ئێزدیان دەبێت. ئێستا هەوڵ دەدەن لە خانەسۆر هەرێمێکی جیاواز بۆخۆیان قوت بکەنەوە و بیکەن بە بەشێک لە کانتۆنی جزیرێ. پەکەکە هەوڵ دەدات ڕیزەکانی برایەتیی ئێزدییان بشێوێنێت، منداڵانی 12ساڵان چەکدار دەکات و هەندێکیشیان دەبات بۆ قەندیل. ئەو چاودێرە سیاسییەی ئێزدییان ڕوونی کردەوە: ئەگەر هێزی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمیش، پەکەکە لە شنگال دەرنەکەن و، پەکەکە، خۆیشی ناوچەکە چۆڵ نەکات، ئێزدییان وەدەریان دەنێین. ئەمەش دواچارەیە، چونکە ئێزدییەکان زۆر دڵگرانن بەو ڕەفتارانەی پەکەکە و زیانی زۆریان لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئێزدییان داوە. شوێنی خەباتی پەکەکە هەرێمی کوردستان نییە، گەلێک جاریش ئەو هۆشدارییە بە پەکەکە دراوە، کە شوێنی ئەوان باکووری کوردستانە.

حەسەن قەوال ڕەشید لەو بارەیەوە دەڵێت: شوێنی خەباتی پەکەکە شنگال نییە، شوێنی خەباتی پەکەکە باکووری کوردستانە، کە لە بندەستی حکوومەتی تورکیادایە. با بفەرموون لەوێ خەبات بکەن و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانیش لە باکوور خەبات بکەن. چونکە شنگال کوردستانییە و خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە و هیچ پێویستییەکی بە پەکەکە نییە.

حەسەن قەوال ڕەشید ڕاشیگەیاند: پەکەکە زۆریان زیان لە ئێزدییان داوە، ئەوەتا بە ناوی ئێزدییانەوە خەڵک دەکوژن، مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، لە هەمووی خراپتر ڕێ بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان نادەن و نایەڵن ئەو خەڵکە لە ئاوارەیی نەجاتیان بێت. قەوال جەختیشی کردەوە: ئێزدییەکان دەیانەوێت لە بەغدا دوور بکەونەوە و باوەش بە هەرێمدا بکەن، چونکە ئێمەی ئێزدی پێمان وایە، ناتوانین لەگەڵ دوژمنی خۆماندا بژین و هەر فەرمانێکی بەسەر ئێزدییاندا هاتبێت، لەسایەی حکوومەتی عێراقەوە بووە. بۆیە ڕووگەی ئێزدییان هەرێمی کوردستانە؛ نە عێراق و نە ئێران و نە تورکیا و نە سووریایە.

## پەکەکە 500 خێزانی گەڕاوەی شنگالی ئاوارەی سەرچیا کردەوە



ساڵی 2014داعش بووە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی ئێزدی ڕوو لە چیای شنگال بکەن و ئێستاش بەگوێرەی زانیاریی بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ، پەکەکە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە 500خێزان لەو خێزانانەی گەڕابوونەوە دەڤەرەکە، جارێکی دیکە ئاوارەی سەرچیای شنگال ببنەوە. بەگوێرەی زانیاریی چاودێران، پەکەکە، خۆی لە کۆمەڵگەی خانەسۆر پەستاوتووە و دەستی کردووە بە نانەوەی پشێوی لە ناوچەکەدا و لەگەڵ حەشدی شەعبی دەستی تێکەڵ کردووە و بە هاوکاریی وڵاتانی ئیقلیمی دەیەوێت ڕێ لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال و دەڤەرەکە بگرێت و، ئێستا بووەتە هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی گەڕابوونەوە دەڤەری شنگال و سنوونێ، جارێکی دیکە ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی سەرچیای شنگال ببنەوە، چونکە نایانەوێت کچ و کوڕەکانیان بڕفێندرێن و پەکەکە چەکداریان بکات.

بەگوێرەی زانیاریی بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ، نایف سەیدۆ بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا 500 خێزان لەو خێزانانەی گەڕابوونەوە دەڤەری شنگال و سنوونێ، جارێکی دیکە ئاوارەی سەرچیای شنگال بوونەتەوە، چونکە پاش ئەوەی پەکەکە لە کۆمەڵگەی خانەسۆر پەلاماری هێزی پێشمەرگەی دا و دەستی بە نانەوەی بشێوی لە ناوچەکەدا کرد، ئەو خێزانانە ترسی ئەوەیان لێ پەیدا بوو، کە پەکەکە کچ و کوڕەکانیان بڕفێنێت و چەکداریان بکات. نایف سەیدۆ نموونەیەک دەگێڕێتەوە، ئەو خەڵکەی گەڕابوونەوە ناوچەکە، پەکەکە گێچەڵی پێ دەکردن و بەربەستی بۆ دروست دەکردن و، ترس و دڵەڕاوکێی دەخستە ناوچەکەوە و منداڵانی دەڕفاند و، دواجار لە خانەسۆر پەلاماری پێشمەرگەیشی دا. پێشتریش پەکەکە لەو دەڤەرەدا چەند فەرمانبەرێکی شەهید کرد و بە ئۆتۆمبێلی جامڕەش دەسوڕانەوە و کردەی تۆقاندن و ئاژاوەنانەوەیان وەڕێدەخست. بۆیە ئەمانە گشتی هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵکەکە بچنەوە سەرچیای شنگال و بەرگەی سەرما و گەرما بگرن، بەڵام نەکەونە بندەستی پەکەکە. سەیدۆ ئاماژەیشی دا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هانای ئەو خەڵکەوە چووە، کە ئێستا چوونەتەوە سەرچیای شنگال و خیوەتی بۆ دابین کردوون، بەڵام وەرزەکە سارد و باراناوییە و ڕەوشی ئەو خەڵکە زۆر ناخۆشە، کەچی خەڵک بە ئێمەیان گوتووە، تا پەکەکە لەو ناوچەیەدا بێت، ئەوان ناگەڕێنەوە.